

دیمانەیەك لەگەڵ

**جەهانگیر غەفاری ( ئاگرین )**

شاعیر، نووسەر و وەرگێڕ

# بە بیانووی «دوایین پەیڤ»

**سازدانی: بەختیار کەریمی**

*** جەهانگیر غەفاری لەنەکاو بڕیاری گۆشەنشینی و پشوودانێکی درێژی داوە، حەز ئەکەم هۆکارەکانی ئەم بڕیاردانەتان بزانم؟**

- بەڕێزم، ١٥ ساڵ نائارامی، ئالوودە بوون بە سیاسەت بە تەمەنێکی کەمەوە، تووشبوونی ئینفرادی لە باشترین ساڵەکانی تافی لاویم، بێ پرۆگرامی بۆ ژیانی تایبەتی خۆم، لە دەستچوونی دەیان دەرفەتی گونجاو و بەهرەدار، ئەمانە لە لایێکەوە، لە لاییێکی دیکەشەوە ماندوو بوون بە دەیان هۆ -کە ئاماژە پێکردنیان بە باش نازانم- هەروەها هەرەسهێنانی ژیانی هاوبەشیم لەوپەڕی خۆشەویستی و دابڕانی «ئارتین»ی کوڕم لە دایکی و هەروەها ئەو کەشوهەوا مژاوی و وێرانگەرەی دەڤەری رۆشنبیریمان، سەرباری ئەوانەش وا هەست دەکەم زەروورەتی خوێندنەوە و موتاڵای قوڵ و ئاوڕدانەوەیەك لە خۆم و دابڕان لە دەوروبەر هاندەری بڕیار دەرکردنەکەم بووبێتن.

*** دەتوانم سەبارەت بە ماوەی دابڕان و گۆشەگیرییەکەتان پرسیار بکەم؟**

- نازانم. ئێستا بێ تەعاروف ئەرزت دەکەم، باڵای خەمەکانم کورت بوونەتەوە، گەورەترین خەمی من ئێستا کە خەمی «ئارتین»ە و بەس. من ناچارم جێگای دایکیشی بۆ بگرمەوە، ناچارم نەك باب، رەفیقێکی زۆر سەمیمیش بم بۆی، بۆیە ناتوانم زەمان بۆ گۆشەگیرییەکەم دیاری بکەم، برا من خۆشم ئەندامێکی نەتەوەکەمم، کوڕەکەشم ئەندامێکی نەتەوەکەمە.

*** وەك بیستم بڕیاری یەکجارەکی دابڕان لە شیعرت داوە...**

- بەڵێ هەر وایە و ئیتر بۆ هەمیشەماڵئاواییم لە شیعر کرد.

*** کەوایە دوایین شیعرتان «حەیفە گوڵم هەستە لە خەو»ە کە بۆ لەیلاخان هاوژینی لێك دابڕاوتـان داناوە؟**

- بەڵێ هەر وایە.

*** ئایا «خاك و ئارتینا» بە چاپ دەگەیەنی؟**

- هەرگیز.

*** دوایین بابەتی نووسراوی قۆناغی ١٥ ساڵەی نائارامیتان؟**

- رۆشنبیر و دەسەڵات.

*** هاوکاریتان دەگەڵ «چاودێر» گەیشتە کوێ؟**

- لە سەرەتادا چرا و کۆتایی هات.

*** بۆچی؟**

- وام بە باش زانی...

*** ئایا ئەم قۆناغە نوێیە تەرجەمەکانیشت دەگرێتەوە؟**

- فێعلەن نە... دواییش نازانم.

*** دوو جار ئینفرادی بۆ ئێوە چ دەسکەوتێکی هەبوو؟**

- گەورەترین دەسکەوتی، فیکـری حیـزی و ئێـسپری و خـەیاڵی گـەڕانی شـەوانە بـە نـاو شـەقام و کۆڵانەکانی سنەی لێ ئەستاندم و بیری نەتەوەیی و قەڵەم و نووسینی رۆژانەی پـێ بەخـشیم، گەرچـی نائارامیەکەی ساڕێژ نەکردم.

*** ئەگەر بڕیار گەڕانەوە بۆ هەمان سەردەم، واتە سەردەمی بیری حیزبی و دروشم نووسـی و...هتـد بێت ئایا هەمان رێگا دەگرنەوە؟**

- زۆر جار گووتوومە گەوجانەترین سەردەمی ژیانم ئەو سەردەمە بووە. نەخێر هـەرگیز ئـەو رێگایـە ناگرمەوە و زیاتر لەوەش مەرحەبایش لەگەڵ ئەو بەناو دۆستانەی ئەو سەردەمە ناکەم.

*** تووڕەی...؟**

- گەر تۆش بی تووڕە ئەبی، نامـەردی، خیانـەت، هـەزار رەنگـی و ... هتـد لەشـەیتان - یـشەوە ئاراستەی ئینسان بێ تورِەی دەکاو...

*** ئێوە بە شێوەیەکی جیددی لەسەر کێشەی ژنی کوردتان نووسی، دوایـی «فیمێنیزمـی کـوردی، درۆیەکی زەق- پیلانێکی نوێ»تان نووسی، بۆچوونتان دەربارەی ئەو فایلەی چالاکیەتان چیە؟**

- ئێستاش دەڵێم، ژنی کورد چەوساوەیە. سەد خۆزگە فیمێنیزمی کوردی هەبا، بە هەمان شێوە کـە لە ئەوروپادا هەیە. بەڵام لە چوارچێوەی کولتووری کوردی و... هتد. بە داخەوە عینوانی فیمێنیزمی کوردی زۆر توونـد بوو.

*** ئایا پەژیوان نین لە چالاکی لەو بوارەدا؟**

- هەرگیز، بۆ ئەبێ پەژیوان بم.

*** دابڕان لە هاوژینەکەتان؟**

- دابڕان زیاتر پابەندی کردم بە چالاکی لەو بوارەدا، بەڵام مـەیلی خەڵوەتنشینی و گۆشـەگیری پێـشی گرتم.

*** زنجیرە بابەتەکانتان لەسەر ناسیۆنالیزم گەیشتە کوێ؟**

- خۆشەویستتـرین فایلی چالاکیم، ئەم فایلەیە.

*** لەوانەیە، ئەگەر «لەیلاخان» لەم گۆشەنشینییە ئاگادار بێ زۆر خۆشحاڵ بێ؟**

- نازانم، بەڵام پچڕاندنی پێوەندییە رۆژانەکانیشم دەگەڵ لەیلا بەشێکە لە قۆناغی نوێی ژیانم.

*** خۆمانین، عەشق بەرەو خەڵوەتی نەبردووی؟**

- بەختیار گیان چاك ئاگاداری لەو ماوەیە باشـترین... زۆر بـە سـانایی لـە دەسـت دا و ماڵئـاواییم لێکردن، تازە بە موبارەکی عەشق... نە ئازیز. ئەگەر خوا مەیلی بێ عەقڵ بەرەو خەڵوەتی بردووم.

*** جیهانگیری شاعیر، نووسەر، وەرگێر و... بڵێی سەرئەنجام لە کام بـواردا بـە شـێوەیەکی جیـددیتر چالاکی بنوێنێ؟**

- ئەوەی راست بێ، شیعرم بەجێهێـشت و وەرگێـڕانیش بەجێـدێڵم، بـەڵام ئایـا دەگەڕێمـەوە بـواری نووسین، شتێکی دیکەیە.

*** ئایا ئاوڕ لە پرۆژەی ئەدەبی نەتەوەیی ئەدەیتەوە؟**

**– پێم وا نیە.**

*** دابڕان لە ئەنجومەنی ئەدەبی فەرهەنگی کوردستان و دابڕان لە ئەنستیتۆی کوردستانی خۆرهەلآت لە سنە بۆ دابڕان لە قۆناغی ١٥ ساڵ نائارامیتان دەگەڕێتەوە؟**

– نەخێر بەر لە بڕیاری نوێم، لەوان دابڕیام. ئەنجومەن کە حەوسەڵەو تاقەتم نەبوو، ئەنستێوش کە نەمدەتوانی وڵام بۆ پرسیارەکانم بدۆزمەوە و زیاتر لەوەش بە راستی ئەنستیتۆی کوردستانی خۆرهەلآت دەیتوانی چ شتێك فێری من بکات یان من دەمتوانی بۆ ئەوان چ قازانجێکم هەبێ، سەرباری ئەوەش هێشتا لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە مجوزیان پێ نەدراوە و جیا لەوانەش تا ئێستا دوور بووم لە هەر گروپ-باندێکی رۆشنبیری یان بە ناو رۆشنبیری نەمویست لەم ئاخروئۆخرە سەرەڕای هەزینەدانی زۆریش بم بە بەشێك یان تاقمێك لە گروپ-باندێکی وەها.

*** پێوەندی ئێوە و دەسەلآتی کوردی؟**

– وەك واقعیەتێك من هەرگیز لایەنگری حیزبی هیچیان نەبووم. کاتی تووڕە بوونم لە هەر دوویان تووڕە بووم. کاتی سەرخۆشییشم هەر دوویانم خۆشویستووە. بۆ وێنە لە وتاری «راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان»دا لە هەردوویان تووڕەم، کەچی کتێبی «شابازی چیا»م پێشکەش بە سەرکردەی هەردوو لایان کردووە. بە سەربەرزییەوە دەڵێم هەتا ئێستاش دینار یان دۆلارێك لە گیرفان و خەزینەی ئەوانەوە نەهاتۆتە گیرفانی من، چونکە نە سواڵکەری بارەگایان بووم و نە ستایشکەریان. نەش لە پێناو بەرژەوەندی ئەواندا ژیاوم. جگە لەو ١٠٠ دۆلارەی وەك هەزینەی سەفەر پاش فستیواڵی گەلاوێژ بە سەرجەم میوانان درا، کە منیش وەرمگرت. گیرفانی من بۆنی پارەی ئەوان نادات، با پرسیارەکەت تەعمیم بدەم، پێم وایە ئەوەی بە ناوی چالاکی رۆشنبیری یان بە ناو رۆشنبیری لە کوردستانی رۆژهەلآت دەستی نیاز بەرەو puk و pdk درێژ بکاتەوە... ئەوە دزێوترین شێوەی سواڵکەرییە، نامەردییە. چونکە پارەیەك کە دەبێ ملیۆنەها کاری هێشتا فەرامۆشبووی باشووری پێی جێبەجێ بێ، پارەیەك کە دەبێ لانی کەم گۆشەیەك لە تەنیاییەکانی کەسوکاری شەهیدان پڕ بکاتەوە، پارەیەك کە دەبێ سەرفی رێگا و کارەبا و شارەوانی و رازاندنەوە و بەربەندسازی و... هتد بکرێ، پارەیەك کە دەبێ نەختێ لەو مەودا و فاسیلە زەقەی سەرکردایەتی حیزبەکان و پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی کەم بکاتەوە، بەرەو رۆژهەلآت ئاودیوو بێ، بە بڕوای من ئەوە نامەردانەترین

یارمەتی وەرگرتنە، ئەوە سوالکردنێکی فلچەی رۆشنبیری پیا هێنراوە، ئەگەر هەلویستەکەشمان نەختێ شۆڕشگێڕانە بێ، دەبێ بە خیانەت ناوزەدی بکەین.
هەلبەت ئەوانەی کە لێرەوە لەگەل دەزگا و رۆژنامە و گۆڤارەکان ئیش دەکەن، باسیان جودایە، کار دەکەن و مافی خۆیان وەردەگرن.
پرسیاری من ئەوەیە، بۆ نموونە بەختیاری کەریمی بە پارەی پارتی یان یەکێتی رۆژنامەیەك بکاتەوە دەیەوێ لەو کەشوهەوادا چ گۆڕانکارییەك بکات لە کاتێکدا خەلکی ئاسایی دەیان هەنگاو لە پێش حیزبەکان و رۆشنبیرەکانەوەن دەتەوێ کام برین سارێژ بکەیت، یان ناوەندێك لێبدەی؟ دەتەوێ بەو ناوەندە کام قەیران چارەسەر بکەی؟ چ رەوتێکی فیکری، ئەدەبی و فەلسەفی پێك بێنی... پارتی و یەکێتی بە کاری خەلکە ئێستاش لێقەوماوەکەی باشوور رابگەن با شەرمەساری دوارۆژ نەبن. رۆژانە خەلك بدوێنن بزانن زیرەیان ناگاتە مەسیف و قەلاچوالان.

*** دیسان نائارام و توورەی...؟**

- کاك بەختیار وەرە چاو لە مێژوو بکە، گەلێك لەو دنیایە ببینەوە کە سەرکردایەتییەکانی رەفتاریان لە هی سەرکردایەتی ئێمە بچێ کە رۆشنبیرەکانیان لە رۆشنبیرەکانی ئێمە بچن. دلنیام بۆت نابیندرێتەوە... ئەوەیە تورەییەکەی من!

*** ئایا قۆناغی نوێ دوورە لە کەلکەلەی ناسیۆنالیزم؟**

- نازانم.

## بەرهەمەکانی جەهانگیر غەفاری

### شیعر

١- بەرەو لووتکەی شەیدایی/ کوردستان ٢٠٠٢

٢- ئاوێستا یەك بۆ نەسووتان/ سلێمانی ٢٠٠٤

٣- دیسان تیرۆر/ ئامادەی چاپ

٤- خاك و ئارتینا/ ئامادەی چاپ

### لێکۆڵینەوە

٥- ئاشتی/ راڤەی شیعری عەبدوڵڵا پەشێو/ سلێمانی ٢٠٠٣

٦- بەرەو باخی بەهەشت/ راڤەی شیعری هێمن/ سلێمانی ٢٠٠٣

٧- شابازی چیا/ بارزانی لە شیعری هەژاردا/ ئامادەی چاپ

٨- کورد، گەلێکی بێ پشتیوان/ کۆمەڵە وتار/ ئامادەی چاپ

### وەرگێڕان

٩- هەرەسی هەتاو/ سۆهراب سپێهری/ سلێمانی ٢٠٠٤

١٠- ژیانی خەونەکان/ سۆهراب سپێهری/ سلێمانی ٢٠٠٤

١١- مەرگی رەنگ/ سۆهراب سپێهری/ سلێمانی ٢٠٠٤

١٢- دیل/ فرووغ فەڕۆخزاد/ سلێمانی ٢٠٠٤

١٣- ئیمان بێنن بە سەرەتای وەرزی سارد/ فرووغ فەڕۆخزاد/ سلێمانی ٢٠٠٤

١٨- ٥ کتێبی دیکەی سۆهراب سپێهری لە ژێر چاپدایە

١٩- ٣ کتێبی دیکەی فرووغ فەڕۆخزاد لە ژێر چاپدایە

٢٠- بیرەوەریەکانی منداڵیم/ عەزیز نەسین

٢١- جانتا/ بۆزۆرگ عەلەوی/ لە ژێر چاپدایە

٢٢- سەردەمی رۆشنگەری/ لە ژێر چاپدایە

٢٣- پێکهاتن و هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت/ ئامادەی چاپ/ لەگەڵ محەمەد وەلی کاکایی

٢٤- ٥ ساڵ دەسەڵاتی تاڵبان لە ئەفغانستاندا/ ئامادەی چاپ لەگەڵ محەمەد وەلی کاکایی

٢٥- زیندە بە چاڵ/ صادق هەدایەت/ ئامادەی چاپ/ لەگەڵ محەمەد وەلی کاکایی

٢٦- ڕینسانس/ لە ژێر چاپدایە/ لەگەڵ محەمەد وەلی کاکایی

٢٧- میرزا/ بۆزۆرگ عەلەوی/ لەگەڵ محەمەد وەلی کاکایی/ ئامادەی چاپ

**وتاری بڵاوکراوە**

١- کێشەی کورد لە ئێراندا

٢- کوردستانی عێراق، رابردوو، ئێستا، داهاتوو

٣- ژن، خولقێنەری زۆرلێکراوی کۆمەڵگا

٤- ژن، تەواوکەری نەتەوە و نیشتمان

٥- ژن و بزووتنەوە

٦- ژن و سەربەخۆیی کوردستان/ تەوەری باس: کوردستانی باشوور

٧- بیری نەتەوایەتی کوردی

٨- فیمێنیزمی کوردی

٩- رۆشنبیر و چالاکی لە تاریکستاندا

١٠- رۆشنبیر و کۆمەڵگا/ لە حەفتەنامەی ئاسۆدا بڵاو دەبێتەوە

١١- رۆشنبیر و دەسەڵات/ لە حەفتەنامەی ئاسۆدا بڵاو دەبیتەوە

١٢- راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان خەونێکی دێرین، مافێکی رەوا

١٣- نە، بۆ فیدرالیزم

١٤- اصلاح طلبان و کردها

١٥- کورد گەلێکی بێ پشتیوان

١٦- ئەرکی نەتەوەیی رۆشنبیری کورد

١٧- لە یادی مارف ئاغایی و جەعفەر قازی

جەهانگیر غەفاری لە ١٣٥٣ی کۆچی هەتاوی لە سنە لە دایك بووە و لــە ریبەنــدانی ١٣٧٤ رشتەی «مکانیك» لە زانستگەی فـەنی ئەسـفەهانی تـەواو کـردووە. پـایزی ١٣٧٦ و پـایزی ١٣٧٨ بە تاوانی چالاکی سیاسی ئینفرادی تەجروبە کردووە.

لە هاوینی ١٣٧٩دا لەگەڵ لەیلا رەسـوولی - کـچەکوردی شـیعەمەزهەبی خـەڵکی قـوروە- ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە، لە پایزی ١٣٨٣ سەرەڕای هەبوونی منداڵێك -ئـارتین- لێـك جیـا بوونەتەوە، ئێستاش دابڕان و خەڵوەت وگۆشەنشینی هەڵبژاردووە.

دەڵێ: باڵای خەمەکانم کورت بوونەتەوە.

شایانی باسە جەهانگیر لە چالاکانی ئەنجومەنی ئەدەبی مەولەوی کوردی سنە بووە و لـەم چـەند ساڵەدا چالاکانە لە هەوراز و نـشێوەکاندا بەشـداری کـردووە. ئەگـەر سـەرەتا ئەندێـشەیەکی حیزبی بووە، ئێستا خۆی بە ناسیۆنالێستێك دەزانێ و دەمێکە لە لایەنگری حیزبی دابڕاوە.

بەختیار کەریمی